گۆڤار کۆلێن ژمارە 4

ناوەرۆك

ئەزموون، هەخنە و لێکۆڵینەوە، گفتوگۆ: مەلەفی "ئەحلام مەنسوور" ((گەنجەکان لە یەکەم هێڵی ڕاپەڕینەوە دەستپێ لێدەدەن، وریابن لە پیاوەتی دەکەون، ئێوەی بەستەزمان بێناز کەوتوون، لە حەسرەتی ماچێك وا خەریکە گیان لەدەست دەدەن، هاوەڵی منن، بووکەشووشە قوڕمیشکراوەکان بەڕووح، مێشك و گیانن، ناخوێننەوە، مریشکن، ئێواران دەکرێنە ناو کولانەکانیانەوە، خەون بە ئێتەمبێل و خانووەوە دەبینن، هەر خەریکی چەنەبازیین، گوێیان ڕابکێشن و وریایان بکەنەوە، کەسیان لەیلا قاسم ناناسن.)) گرەوەی چاوەکانی ئەم"ئەحلام مەنسوور"

– چۆن "ئەحلام مێنسوور"م ناسی؟/ ئازاد حەمە شەریف

– جوڕئەتی یاخیبووون لە نەرمە زاڵەکان و لە چاوەڕوانییەکانی زەرینە/ هاوزا حوسێن

– ئەحلام مێنسوور: دەنگی پڕاوپڕزخراوەکان/ ئەییووب کەریمی

– تێکڕایی پیتەکانی دەقێك بە باڵای ئەحلام/ گۆران سەمەد

– لە نێوان داهێنان و کورتبینییدا؛ نیگاری ئەحلام مێنسوور بە وشە/ سەنگەر زراری

– نێوەی ئێستا نێوەی ئایفۆن، کۆمپانتەر، ماڵ و ماشێنی بڕز و زەڵەن، نێك نێوەی دەقەکی باڵا و خاوەن کەسایەتیی/ گفتوگۆ لەگەڵ: سمکۆ محەمەد. سازدانی: سەران محەمەدە سووڕە

چیرۆك: مەلەفی چیرۆکی چیرۆکنووسانی باکووری کوردستان.

– دوودڵیا دڵەکی/ حەسەنە مەتە

– خەریبەك ل گوندێ مە/ جوانمەرد

– شەڕ/ مەهەمەد ڕەناهی

– تا/ مەهەمەد دجلە

– پرچا وەندابووی/ مەهەمەد سارمان

– فەرهەنگۆکی مەلـــەف (کـــوردی ژووروو و کـــوردی نـوەنـــدی)/ ئامادەکردنی/ خەلیل سەلیم

– گـۆانـوۆ و شتی تریش/ ەشید مەحموود

– گـۆانەوە و شتی تریش (خوێندنەوەی چیرۆکی گەانەوە و شتی تریش)/ سـران محـمـدۆ سوورۆ

شیعر

– …/ فرووزان بابایی نژاد

– (دیاریی باوکم)- پاییز زوو دێت/ هۆژار حوسێن

– دۆبۆ ئـستا لـۆ لای خـودا.. کـاتژمـر چـنـد بـۆ؟ بـۆ کـاتی کـۆ؟/ سـردار حـمید (نـۆ)

– فیوز/ کاوان عەبدولـەحمان

شانۆ

– دـربارـی زیانـکانی تووتن/ جـخـف، لە ئینگلیزییەوە: ئـژین باجـان

– جی، لـ کۆ؟/ ساموـل بـکـت، لە ئینگلیزییەوە: اڤین کامـران

سینەما

– دایك/ حوسـن. ن

– یادـوـریی، وـک فـمـکی هونـری باـا لـنـو سینـمادا، لـبارـی فیلمی ئانا فرانک/ خـندـ حـمید

شـوەکاریی

– خـ پـرتـت لـگـ ئـسـکـندی بـازوو/ کـسـتیکا برادا تـان، لـ ئینگلیزیـوـ: نـبـز سـمـد

– ژنەکانی کلـمت، اـستەقینە و لەسەر کانڤاس/ کین جـنسـنـکت، لە ئینگلیزییەوە: شاـاو عەبدوـا

کاریگەری میدیا لە سەر تووندوتیژی … کرمانج فەتاح

هەمیشە ڕاگەیاندن بەشێکی گرنگ بووە،لەگەیاندنی سەرجەم ئەوبابەت و زانیاریە پەروەردەی و هۆشیارینەی کە لایەن کەسانی شارەزا و پسپۆرەوە پێشکەش دەکرێت کە ڕۆڵی هەیە لەسەرپێش خستنی خەزانی کوردی وبەتایبەت گەیاندن ئەو بنەما گرنگانەی کە خەزانی پتەودەکات زەرجارلەڕگەی دراما یان نمایشی شانەی یاخود لەڕگەی گەرانیەوە ئەم دەکات .
بەم داخەوە بەهەی زوو گیشتن بەشێوەیکی زەر ئاسان بەتەکنەلەژیای سەردەم وای کردووە تاکی کورد هەلەکی دیاری کراوی نەبێت بە گەیشتن بەو تەکنەلەژیایە , بە تایبەتی سەتەلایت و ئنتەرنێت و مەبایل و ئامێرکانی دەنگ و ڕەنگ ,وای کردووە کە سنوورە کەمەایەتیکانی نەو کەمەگا نەهێت بەتایبەتی .

لەرووی نیشاندانی ئەو بابەتانەی راستەوخە کاریگەری هەیە لە سەر تاکی خەزانی کوردی ئەمەش زەر جار لە خواستی تاک دەردەچێت و دەچێتە چوارچێوەی حەزو خوەیا و ئەفسانەی خەیاڵی ئەمەش پاڵنەرێکی بەهێز بە گۆڕە کردن و بەاوکردنەوەی ئەم تووندوتیژیە زەر جار ئافرێت لەگەڵ پیاو یا خود کچێک لەکەڵ کورێک جا دەبێتە هەی لادانی کەمەایەتی و فراوان بوونی کەشەو گرفتە کەمەایەتیکان کە بە داخەوە ڕۆژانە گویبیستی کوشتن و خە خنکاندن و سووتانی کەسکان دەبین ئەمەش زەر جار کەمەلگا بەرەو ئاقارێکی زەر خراپ دەبات. بە داخەوە لاسایکردنەوەی کەسانی نمایش کەر دەبنە قوربانی تەکنەلەژیای سەردەم .

چارەسەر گەرانەوەیە ، بە سەرتای ئاشنا بوون بە تەکنەلەژیا ، واتا ئەبێت تاک ئاشنایەکی تەواوی هەبێت بەو پێشکەوتنە ، ئەوکات بەشێوەیکی راستە راست بەکاریبێنێت ، خواستی تاک ئەبێت لە ڕووی زانینەوە لە فەرهەنگی تەقلیدیەوە ببێت بە خواستی زانین لە

روانگەی عقڵەوە ، واتا هەمیشە هاتن بۆ نێو کارەسات ئەخولقێنێت ، بۆ بەراورد کە بەشێوەیەکی دروست بەکاری بهێنی ، کوردیش لە زۆر لاینەوە شتەکانی بۆ نێوەوە پێگەیشتووە ، لەوەی بەعەقڵەوە .

کرمانج فەتاح

یەکەمین کتێبی وێنانخانەی باندۆر بڵاودەبێتەوە

«باران بەسەر کێوگۆ دووریکاندا دەبارێت»، یەکەمین کتێبی وێنانخانەی باندۆرە، کە هەڵبژاردەیەکە لە شیعرەکانی وەدیع سەعادە و لە عەرەبییەوە بۆیار محەمەد تاهیر کردوویە بە کوردی.

وەدیع سەعادە شاعیرێکی لوبنانییە. ٦ی جوولای ساڵی ١٩٤٨ لە گوندێک لە باکووری لوبنان لە دایک بووە، ناوی شەبتینە. گوندەکە، وەک زۆر گوندی دی، بە تەواوەتی لەناو سروشتدایە. خێی دەڵێت، لە ماڵەکدا لە دایک بووم، سەقفەکەی و ئەرزەکەی گڵ بوو. یان دەڵێت، سروشت یەکێک بوو لە ئێندامانی خێزانەکەمان. لە کەی ئەزموونی شیعریی وەدیع سەعادەدا بە ئاشکرا ئەم ئاوێتەبوونەی سروشت و مرۆڤ دەبینینەوە.

یەکێکی دی لەو تەمایانەی لە شیعری وەدیع سەعادەدا بەری دەکەوین، مەرگە. ئەمەش چیرۆکی خێی هەیە:
تەمەنی وەدیع ١٤ـساڵان دەبێت، کاتێک لە خوێندنگە دەگەڕێتەوە و گوێی لە مامی دەبێت: "وەدیع… وەدیع… باوکت سووتا، باوکت مرد."

دەڵێت، کە باوکمم بینی، لەسەر قەنەفەکە دانیشتبوو، یەک پەیکەری گەورە بوو لە خەووز. دواتریش جەنگی ناوخێی لوبنان و مەرگی زیاتر و زیاتر. مەرگ ئاوها هاتووەتە ناو ئەم ئەزموونەوە.

لە سەرەتادا وا پێ دەچێت بە پەرشیێکی زەرەوە دەستی دابێتە نووسینی شیعر، دەنگە هەشتا ئەو پەرشیێە مابێت، بەڵام پێ دەچێت لە سەرەتادا لای وەدیع هیوایێک هەبووبێت، کە ئەم شیعرانە شتێک لە

دنیا دەگۆڕن، بەڵام ئێستا...

وەرگێڕ سەبارەت بە کتێبی «باران بەسەر کێڵگە دووریکاندا دەبارێت» دەڵێت: "نامۆیت لێرەدا بکەومەوە ناو ئەو باسەی کە وەرگێڕانی شیعر کارێکی سەختە یان هەر قسەیەکی لەم بابەتە. تەنیا دەمەوێت بڵێم ئەم کتێبە یەکەم کاری وەرگێڕانی منە، پێش هەموو شتێکیش گرنگییەکی شەخسیی بە خۆم هەیە، هەر بۆیە کردووومە. کتێبەکە هەڵبژاردەیەکە لە کەی بەرهەمکانی وەدیع سەعادە، شیعری درێژ و شیعری زۆر کورتیشی تێدایە، بەڵام بە گشتی ئەزموونکانی کۆتایی وەدیع سەعادی لە خۆ گرتووە."

«باران بەسەر کێڵگە دووریکاندا دەبارێت» لە ماوەی داهاتوودا لە دووتوێی ١٣٠ لاپەڕەدا و بە نرخی سێ هەزار دینار چاپ و بڵاو دەبێتەوە.



مەترسییەکانی سەربەینی ئاژەڵ لەبەرچاوی منداڵان ... ڕزا شوان

لەگەڵ بوونی مرۆڤدا، ئاژەڵ و پەلەوەریش هەبوونە. لەگەڵ سەرهەڵدانی شارستانیشدا، ئاژەڵ و پەلەوەر پێگە و گرنگییەکی تایبەتییان لە ژیانی مرۆڤدا هەبووە. گشتی ئاژەڵ و پەلەوەر و بەروبووم و سوودەکانیان، سەرچاوەیەکی سەرکی خۆراک و بژێوی مرۆڤ بوونە. تا ئەمڕۆش مرۆڤ قەرزاری سوودەکانی ئاژەڵ و پەلەوەرن. لەوانەش مەڕ و بزن و گا و مانگا و وڵاخی بارزە و مریشک و عەلەشیش و قاز و مراوی.

لە کوردستان و لە وڵاتانی ئیسلامیدا، هەموو ساڵێک ڕۆژێک یا چەند ڕۆژێک بەر لە چەژنی قوربان، وەکو سوننەتێکی ئاینی و داب و نەریتێکی باو، خەڵکی بە تایبەتیش دەوڵەمەندە خێرکەرەکان، بەران و جوانەگا دەکەنە قوربانی و لە ماڵان سەریان دەبڕن و گۆشتەکانیان دەکەنە خێر و بەسەر هەژاراندا دابەشی دەکەن. لە ڕووی کەمایەتی و مرۆیەوە ئەمە کارێکی باشە، کە ئاوە لە خەزانانی هەژار و نەبوو دەدرێتەوە.
لە بەهارانیشدا، کە بەرخ پەدەگات و وەرزی هات و سێرانە، خەڵکی دەستێک لە ماڵان بەرخ سەردەبڕن و گۆشتە ناسکەکەی بەسەیران دەبەن و دەیبرژێنن.. هەژارانیش هەناسە هەڵدەکێشن و زەقی چاویان دێت.

ئەوەی ئەمە لەم نووسینەدا مەبەستمانە و کرێکی باسەکەمانە، سەربەینی ئەو قوربانی و بەرخانەیە کە لەبەرچاوی منداڵاندا سەریان دەبڕن، بە ئەوەی کە سەربڕەکان ئەوە بزانن، کە سەربەینی ئاژەڵ لەبەرچاوی منداڵان، چ زیانێکی خراپ و کارتێکردنێکی نەرێنی دەروونی ترسناک و مەترسیدار بە منداڵانی بچووک دەگەنن.
بەرخ ئاژەڵێکی ماڵی ڕووخسار جوانە و شیرینە. نزیکە لە جیهانی پاکی منداڵانەوە. بە تایبەتی منداڵان خۆشیان دەوێ. لە کوردەواریدا دایکان ساواکانیان بە بەرخ دەشوبهێنن و پیان دەڵێن (بەرخەلەکەم) بەرخ کراوە بە پاڵەوانی بە دیان چیرۆک و هەنراوەی خۆش بە منداڵان، چیرۆکنووس و هەنراوە نووسی کوردمان نییە کە بەسەر بەرخدا هۆنیان نەدابێت، چونکە زۆر خۆشەویست و ئاشنایە بە

لای منداڵانی کوردمانەوە.

منداڵان وەکو هاوڕێکی پاک لە بەرخ دڵەوانن، بەزەیی و سۆز و خۆشەویستی و هەستێکی قوواڵی ویژدانییان بۆی هەیە، شیر و ئاو و گیای دەدەنێ. یاری و بەزمی لەگەڵدا دەکەن، شانۆ قەچی قەستینەی لەگەڵدا دەکەن، لە باوەشی دەکەن و ماچی دەکەن.. تەنانەت بە ناوەکی خۆشەوە بانگی دەکەن. ئەمەش لە ڕووی دەروونییەوە سوودەکی باشی هەیە.. منداڵان فێری ئەوە دەبن کە بەزەییان بە ئاژەڵدا بێتەوە.

کاتێ کە باوک بەرخێ هاوڕێ و خۆشەویستەکەی کوڕەکەی دەگرێت و لەبەرچاوی بە چەقۆیەکی تیژ سەری دەبڕێت و خوێنی دەڕژێ و کەوڵی دەکات و کەشتەکەی لێت و پێت دەکات. منداڵەکەی بە بینینی ئەم دیمەنە تراژیدیایە، تووشی سەدمەیەکی دەروونی زۆر خراپ و مەترسیدار دەبێت.. واقی وڕماوە و لە دڵی خۆیەوە دەپرسێ ئاخر ئەم بەرخە بەسزمانە چی کردووە؟ چ گوناه و تاوانێکی هەیە؟ وا باوکم بەم شێوە دڕندەیە سەری بڕی و خوێنی رشت و کەوڵی کرد و کەتایی بە ژیانی هاوڕێکەم هێنا. باوکم ستەمکار، خوێنڕژ ، دڕندەیەکی دڵڕەق، رقم لێیەتی و خۆشم ناوێت.

ئەم منداڵە هەشتا لە قەناغی دواکەوتووی منداڵیدایە، واتە نەبووە بە دە ساڵان، هەشتا چەمکە بنەڕەتییەکانی ئەم سونەتە ئاینی و داب و نەریتە تێنەگەیشتووە و نایزانێت. یا لە تەمەنێکی بچووکدایە، ناتوانێت لەم سونەت ئاینی و نەریتانە بگات.

لەوانەیە دیمەنی ئاو سەربڕینە لە یادیدا کاتێ نەبێتەوە و ببێت بە هەکاری ئەوەی کە بە یەکجاری واز لە خواردنی گۆشتی ئاژەڵ بهێنێت.
لە ئەمەدا گەلی کەسانی گەورە هەن، کە گەشتی سوور (ئاژەڵ) ناخەن، ڕەنگە بە ئەم هەکارە بگەڕێتەوە کە لە تافی منداڵییان ڕووبەڕووبان بووبێتەوە.
من بە نموونە باسی هاوڕێیەکی گەنجی کوردمان دەکەم کە لە شاری (بەرگن) لە وڵاتی (نەرویج) دا دەژیت، خەڵکی پارێزگای (دهۆک)ە، هاوسەرەکەی ئافرەتێکی نەرویجییە، تا رادەیەک کوردییەکی باش فێربووە. هاوڕێکەم وتی:" لە ساڵی ٢٠٠٠ دا، کە بە یەکەمین جار بە سەردان، هاوسەرەکەم بردەوە بە کوردستان، باوکم و بە نیشاندانی ڕەزگرتن و خۆشەویستی بە هاوسەرەکەم، وەکو نەریتێکی باوی کوردەواری، بەرخێکی لە بەردەماندا سەربڕی. کە هاوسەرەکەم

سەربەینی ئەو بەرخەی بینی.. هەموو گیانی کەوتە لەرزین و رەنگی زەرد هەڵگەڕا و هاواری کرد ئەو چیت کرد؟ پشی وتم باوک خونەڕژ و زەر دەقە.. چەند هەوشمان لەگەڵی دا لە گشتی ئەو بەرخەی نەخوارد"
منیش بە هاوکەم وت: هاوسەرکەت هەقەتی، چونکە لە وەاتی نەرویج، ئاژەڵ و پەلەوەر لە بەرچاوی منداڵان سەرنابڕن.. ئەوەی سەرپێچیش بکات تووشی لێپێچینەوە و سزایەکی قورس دەبێت.. لە کوشتارگا فەرمییەکانیشدا، پێش سەربڕین بە تەزووی کارەبایی ئاژەڵەکان بێهۆش دەکەن.. میدیاکانیشیان دیمەنی سەربڕین پیشان نادەن.
بە داخەوە هەندێ لە وەاتان، بە شێوەیەکی زەر دەندانە ئاژەڵ دەکوژن و سەردەبڕن. بە نموونە لە زەر شوێنی وەاتی (چین)دا، لە بەرچاوی گەورە و منداڵان، پێش سەربڕین زەر بە قایمی و دەڤقانە و بە بەزەییانە کوتەکێک دەکێشن بە مێشکی ئاژەڵەکەکاندا و گێژیان دەکەن، پێش ئەوەی سەریشیان ببڕن، قاچ و دەستەکانیان دەبڕن و و دەست بە کەوکردنیان دەکەن، ئاژەڵەکانیش دەباڵێنن یا دەبڕێنن و لەقەفەکە دەکەن.. نازانم خاوەنی چ ویژدانێکی مردوون و چ دڵەکی ڕەقیان هەیە.. کە بەم شێوە قێزەون و نامرۆیانە ڕەفتار لەگەڵ ئاژەڵدا دەکەن؟!

ئیسپانیاش کە یەکێکە لە وەاتانی ئەوروپا، تا ئەمڕۆش وەرزشی (زەربازی گا) یەکێکە لە وەرزشە باوەکانیان. ساڵان بە بەرچاوی هەزاران کەسەوە، بە ناوی زەربازی گا، چەن دەڤقانە ودەندانە، ئشکەنجە و ئازاری گاکان دەدەن و شیر و رم لە جەستەی ئەو گایە بەسەزمانانە دەچەقێنن و دەیان کوژن و رایان دەکێشن. کوشتارەکانیشیان بە پاڵەوان دەزانن و دەستخێشیان لەدەکەن و چەپۆیان بە لەدەدەن. خەڵاتی ئەنجامدانی ئەم تاوانانەیان پەدە بەخشن!
بە ناوە لە زەربەی وەاتانیشدا (کەمەڵەی بەزەیی بە ئاژەڵ) دا هەیە. کوان ئەم کەمەڵانە بە بەدەنگ و بە هەڵویستن و ناڕازایی دەرنابڕن؟ بە داوا لە ئیسپانیا ناکەن، کە ئەم وەرزشە بە مانایە، قەدەغە بکەن.
پسپۆران و پزیشکانی دەرووەنی و شارەزایانی بواری پەروەردەی منداڵان، هۆشیاری دەدەن کە نابێت ئاژەڵ و پەلەوەر لە بەرچاوی منداڵان سەربڕێن، چونکە ئەم دیمەنە تووشی شۆک و ئازاراری دەرووەنیان دەکات و گەلی دەخی ناتەندروستی لەدەکەوێتەوە.
چەند ڕۆژەکمان ماوە بە جەژنی قوربان و بە سەربڕینی قوربانی. بەیە

بە پەویستمان زانی کە زەر بە کورتی باس لە هەندە لە مەترسی و لە زیانەکانی سەربەینی ئاژەڵ لەبەرچاوی منداڵان بکەین، بە ئەوەی باوکان لە بەرچاوی منداڵەکانیان ئاژەڵی قوربانی سەرنەبڕن.
کارتێکردنی دەروونی نەرێنی منداڵەکانیان لەبەرچاوبگرن:
١ــ منداڵ تووشی شۆک و سەدمەیەکی دەروونی دەبێت، لەوانەیە ئەو دیمەنە ترسناکە کاریگەرییەکی خراپ تێبکات و ببێتە نەخۆشی و بە گرێیەکی دەروونی و لە داهاتوودا رەنگدانەوەیەکی خراپی لە هەڵسوکەوتی ببێت و بە درێژایی ژیانی پەیوەی بناڵێنێت.
٢ــ لەوانەیە تووشی فۆبیای خوێن بێت و دیمەنی سەربڕین و خوێنڕشتنی ئاژەڵ ببێتە هۆی خەونی ترسناک و هاواربکات و لە خەو ڕاچڵەکێ و تووشی خەوزڕان بێت.
٣ــ گرژی و تووندوتیژی دەروونی لەدەکەوێتەوە، لەوانەشە ببێتە منداڵەکی شەڕخواز.
٤ــ زەر جار کۆنترۆڵی خۆی پەناکرێت و بەبەر ویست میز بە خۆیدا دەکات.
٥ــ لەوانەیە بە درێژی ژیانی ڕقی لەو ئاژەڵە سەربڕە ببێتەوە کە بەرخەکەی لەبەرچاوی سەربڕی و خوێنی پژان و کەوڵی کرد و گۆشتەکەی پارچە پارچە کرد، ئەو کەسە باوکی بێت یا کەسێکی تر بێت.

٦ــ لەوانەیە گۆشتی ئاژەڵی لەبەرچاو بکەوێت و بە دڵێژی ژیانی گۆشتی ئاژەڵ نەخوات.
٧ــ منداڵ چاولەکەری گەورەکانە، دڵشی و بە دووری مەزانن کە منداڵەک لاسایی سەربڕ بکاتەوە و چەقۆیەکی تیژ هەڵبگرێت و بیخاتە سەر ملی هاوڕێیەکی بچووکی و زیانێکی کوشندەی پێبگەیەنێت، لەوانەشە کەتایی بە ژیانی بهێنێت، بە ئەوەی کە بزانێت و هەست بەوە بکات کە چ فڕتەنایەکی مەترسیداری لەدەکەوێتەوە.
٨ــ بەجگە لەو مەترسییانە، سەربڕینی ئاژەڵ لەبەرچاوی منداڵان، چەندین نەخۆشی دەروونی و دەخی نەخوازراوی تری لەدەکەوێتەوە، کە کاردانەوەیان لە ژیانی ئەمڕۆ و لە داهاتوویان دەبێت.

باوکان و دایکانی خۆشەویست، ئەو مەترسیانەی سەرەوە لەبەرچاو بگرن، ژیان و تەندروستی منداڵەکانتان بەلاوە گرنگ بێت.. ئەوە نەکەن کە لەبەرچاوی منداڵەکانتان ئاژەڵ و پەلەوەر سەربڕن، مەهێڵن منداڵەکانتان ئەم دیمەنە تراژیدیانە ببینن.
لە دوای تەمەنی دە ساڵانەوە، دەتوانن بە شێوەیەکی لۆژیکی و زانستیانە و قەناغ بە قەناغ باسی ئاژەڵ و پەلەوەر سەربڕین و قوربانییان بۆ بکەن.

لەم رووەوە ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیری دایکان و باوکان رۆژبەرەیە.

رزا شوان
نەرویج: ٣ی/ئاوگوست/ ٢٠١٨